DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi8.303

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# هەڵسەنگاندنی جوگرافیایی خزمەتگوزارییە ئامادەیی و پیشەییەکانی شاری کفری

**احمد جمال خلیل**

مامۆستا لە پەروەردەی کەلار – ئامادەیی کاوەی تێکەڵ

Ahmadjamad88@gmail.com

**حکیم صالح محمد**

مامۆستا لە پەروەردەی کەلار – قوتابخانەی بڵندی بنەڕەتی

Hakimsalh58@gmail.com

**پوختە:**

خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە زۆرێك لە توێژەرانی بواری جوگرافیایی مرۆیی بایەخی زۆری پێ ئەدەن و توێژینەوەی لە سەر ئەکەن، بە تایبەت لە رووی دابەشبوونی جوگرافیایی و شێوازەکانی دابەشبوونەوە، بۆیە لەم سۆنگەیەوە لە توێژینەوەکەدا هەوڵدراوە کار لە سەر دابەشبوونی جوگرافیایی خزمەتگوزاریی فێرکاریی بکرێت بۆ قۆناغەکانی خوێندنی ئامادەیی و خوێندنی پیشەیی لە سەر ئاستی گەڕەکەکانی شاری کفری و، هەتا چەند ئەم خزمەتگوزارییە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بە پێوەرێکی درووست بۆ ئەوەی بە تەواویی ئەرکی خۆی بەجێ بهێنێت دابەش بووە بە سەر دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدا و پێویستی سەرجەم دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە دابین بکات لە سەر ئاستی گەڕەکەکان لە ئێستا و داهاتوودا، ئەم قۆناغەی خوێندن زۆر گرنگە لە ژیانی هەر خوێندکارێکدا چونکە ئەکەوێتە تەمەنی ( ١٥ – ١٨ ) ساڵییەوە کە تەمەنێکی زۆر هەستیار و گرنگە لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا و لەم قۆناغەی خوێندندا سەرەتای رێگەی داهاتووی خوێندکار دیاری ئەکرێت بە هەڵبژاردنی وێژەیی یان زانستیی لە خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکاندا، یان هەڵبژاردنی هەر یەکێك لە خوێندنە پیشەییەکان کاریگەریی ئەبێت لە سەر داهاتووی خوێندکار. بۆیە ئەبێت گرنگیەکی زۆر بەم قۆناغەی خوێندن بدرێت، توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە داتا و زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی گەرمیان، هەروەها پشت بە ئامێری (GPS) بەستراوە، پشت بەست بە سیستەمی زانیاریی جوگرافیایی ( GIS ) بۆ دیاریکردنی شوێنی ئەم خزمەتگوزارییانە لە سەر نەخشەی بنەڕەتی ناوچەی توێژینەوە، لە لایەکی تریشەوە هەڵسەنگاندنمان بۆ توانای پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە کردووە بە بەراورد بەو پێوەرانەی لە پلاندانانی عێراقیی دا جێگیر کراوە، میتۆدی وەسفیی و شیکاریی ( چەندێتیی ) بەکار هاتووە پشتبەست بە سیستەمی زانیاریی جوگرافیایی لە شیکردنەوەی گونجاوی دابەشکردنەکە، توێژینەوەکە دەریخستووە شێوازی دابەشبوونی ئەم دوو خزمەتگوزارییە بە شێوەیەکی پەرش و بڵاوە و خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی لە ئاستی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدا نیە، بەڵام خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەیی لە ئاستی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدایە.

**کلیلە وشەکان: خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی، خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەیی، شاری کفری، دابەشبوونی جوگرافیایی، سیستەمی زانیاریی جوگرافیایی**

Recieved: 23/7/2023
Accepted: 23/8/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

خزمەتگوزاریی فێرکاریی بە یەکێك لە خزمەتگوزارییە گرنگەکان دائەنرێت چونکە لە رێگەیەوە ئەتوانرێت پەرە بە هەموو بوارەکانی تر بدرێت و، گرنگیی ئەم خزمەتگوزارییە کەمتر نیە لە خزمەتگوزاریی تەندرووستیی و خۆشگوزەرانیی، چونکە بنەمایەکی سەرەکییە بۆ کارامەیی و تواناکانی تاك و پێگەیاندنی نەوەیەکی هۆشیار و پەروەردەکراو بۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەکەی، لەم سۆنگەیەوە ئەبینین زۆربەی وڵاتان هەموو هەوڵێکیان ئەیەن بۆ پێشخستنی ئەم خزمەتگوزارییە. بۆیە توێژەرانی بوارە جیاوازەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی بوونی سیستەمێکی پەروەردەیی کارا و کاریگەر لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەبێت ئەو کۆمەڵگایە بەرەو پێش ئەبات بە شێوەیەك ژیانێکی ئازاد و شایستە بۆ هەموو ئەو تاکانەی کۆمەڵگا پێک ئەهێنن، دابین ئەکات. زانستیی جوگرافیاش بایەخی زۆر بەو بابەتانە ئەیات لە لێکۆڵینەوەکانی بە تایبەت لە هەردوو بواری جوگرافیای خزمەتگوزاریی وجوگرافیای شار و لەو پسپۆرییانەیە کە پەروەردەی کردووە بە بابەتێك بۆ توێژینەوەکانی، چونکە رێگایەکە بۆ گەیشتن بە پێگەیاندنی تاك لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و، بابەتێکی سەرەکییە بۆ توێژینەوەی جوگرافیایی و بە تایبەتیی لایەنی پراکتیکیی. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی و پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە بە مەبەستی توانا و توانستی شوێنیی و وەزیفیی ئەم خزمەتگوزارییە لە رێگای هەڵسەنگاندنی پاڵپشت بە پێوەرە عێراقییەکانی بە کارهاتوو لەم بوارەدا، و، ئایا ئەم خزمەتگوزارییانە لە چ ئاستێکدایە لە رووی پێوەرە عێراقییەکانەوە و، هەتا چەند لە ئاستی پێویستیی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدایە و، هەڵسەنگاندنی شوێنیی بۆ ئەم خزمەتگوزارییانە ئەکەین بۆ ئەوەی بزانین بە شێوەیەکی گونجاو لە ناوچەی توێژینەوەدا دابەش بووە، کە سوودمان لە سیستەمی زانیاریی جوگرافیایی GIS وەرگرتووە چونکە ئەنجامی وردمان پێ ئەیات لە شیکردنەوەی زانیاریی و داتاکاندا و، چارەسەری گونجاومان پیشان ئەیات بۆ ئەم خزمەتگوزارییانە.

### کێشەی توێژینەوە:

ئایا نارێکیی هەیە لە دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی و پیشەییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا؟

ئایا ژمارەی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی و پیشەیی لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەی توێژینەوەدا گونجاوە؟

ئایا توانست و دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی و پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە تا چەند گونجاوە لەگەڵ پێوەرو پلاندانانیی فێرکاریی عێراقیی؟

گریمانەی توێژینەوە:

دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی و پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە بە شێوەیەکی نارێکە.

ژمارەی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی و پیشەییەکان لە ئاستی ناوچەیی توێژینەوەدا نییە.

توانستی ئەم خزمەتگوزارییانەی ناوچەی توێژینەوە گونجاو نییە لەگەڵ پێوەرە خۆجێیەکان.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی توانا شوێنیی و وەزیفیەکانی ئەم خزمەتگوزارییەیە بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگیرێت لە کاتی دانانی پلانێك کە لە لایەن پلاندانەرانەوە دائەنرێت بە ئامانجیی زیاتر خزمەتکردن بە شارەکە و ئەم قۆناغەیی خوێندن.

میتۆدی توێژینەوە:

بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان پشتمان بەستووە بە میتۆدیی ( وەسفیی ) و میتۆدیی شیکاریی ( چەندێتیی )، پشت بەست بە سیستەمیی زانیاریی جوگرافیایی لە شیکردنەوەیی گونجاویی دابەشکردنەکە.

پێکهاتەیی توێژینەوە:

بۆ گەیشتن بە ئامانجیی توێژینەوەکە وا پێویستە توێژینەوەکە بە سەر پێنج تەوەری سەرەکیدا دابەش بکرێت، لە تەوەری یەکەمدا باس لە مێژووی ئەم خزمەتگوزارییانە ئەکات لە ناوچەی توێژینەوەدا و، هەر یەك لە تەوەری دووەم و سێیەم باس لە دابەشبوونی شوێنیی و شیکردنەوەی جوگرافیایی بۆ شوێنی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی و پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە ئەکات، دواتر لە تەوەری چوارەمدا باس لە هەڵسەنگاندنی توانستی پێشکەشکردنی ئەم دوو خزمەتگوزارییە ئەکات و، پاشان تەوەری پێنجەم تەرخان کراوە بۆ پشتێنەی کاریگەر و پێشبینیی بۆ پێداویستیی شوێنیی ئەم دوو خزمەتگوزارییە لە ناوچەی توێژینەوەدا و، لە کۆتاییدا دەرئەنجام خراوەتە ڕوو لەگەڵ چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەك ئەگەر کاری لە سەر بکرێت هۆکارێکە بۆ بەرەو پێشچوونی ئەم خزمەتگوزارییانە لە داهاتوودا.

سنووری توێژینەوە:

شاری کفری سنووری ناوچەی توێژینەوەیە کە ئەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستانی عێراق و بەشێکە لە ئیدارەی گەرمیان، لە ڕووی ئەسترۆنۆمییەوە ئەم شارە ئەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانیی ( ٥٤ ٣٨ ٣٤ - ١٤ ٤١ ٣٤ ) پلەی باکوور و هێڵی درێژیی ( ٤٨ ١٢ ٤٥ - ٦ ١٦ ٤٥ ) پلەی ڕۆژهەڵات، کۆی گشتیی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە ( ٣٣٢ ) هکتارە و پێکهاتووە لە ( ١٨ ) گەڕەك کە زیاتر لە ( ٤٨٧٤١ ) کەس لە خۆ ئەگرێت. سنووری کاتی توێژینەوەکە ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٢-٢٠٢٣)یە. بڕوانە نەخشەی ( ١ ).

تەوەری یەکەم: مێژووی پێشکەوتنی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی و پیشەیی لە ناوچەی توێژینەوەدا:

مێژووی خوێندن لە ناوچەی توێژینەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە بە دیاریکراوی بۆ سەردەمی عوسمانییەکان، چونکە سەرچاوەکان جەخت لەوە ئەکەنەوە لەو حەوت قوتابخانەیەی لە ویلایەتی موسڵدا هەبوون لەو سەردەمەدا یەکێکیان لە شاری کفریدا بووە و، لە ساڵی ( ١٩١٤ ) قوتابخانەی تر لە شاری کفری ئەکرێتەوە و ژمارەی خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی لەو شارەدا گەیشتووەتە ( ١٥٠ ) خوێندکار، بەم شێوەیە بەردەوام ئەبێت تاوەکو لە ساڵی خوێندنی ( ١٩٢١-١٩٢٢ ) قوتابخانەی تر ئەکرێتەوە پاشان لە ساڵی ( ١٩٣٣-١٩٣٤ ) بۆ یەکەمجار قوتابخانەی کچانیش لە شاری کفری ئەکرێتەوە ( دەلو، ٢٠١٦، ١٦٣-١٧٦ ). لە ساڵی ( ١٩٥٥ ) ئاماژە بەوە کراوە قوتابخانەی یەکەم و دووەمی سەرەتایی کفری و قوتابخانەی کفری کچان و دواناوەندیی کفری کوڕان هەبوون لە شارەکەدا ( دەفتەرو حەسەن، ٢٠٠٢، ٨٩ ). ولە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا

ئامادەیــی مەکاسـبی کـوڕان لـە شـارەکەدا هەبـووە ( نەریـمان، ٢٠٠٧، ١٦٦ ). و و لـە سـاڵی ( ١٩٢٠ ) خوێندنگـەی ئـارارات کراوەتـەوە کـە لـە ئێسـتادا بووەتـە خوێندنگایەکـی کچـان، ولـە سـاڵی ( ١٩٩٥ ) ئامادەیـی شـەهید محمـد قۆرقـمازی تێکـەڵ دامـەزرا و، ئامادەیـی ئەحمـەدی خانـی ئێـواران لـە سـاڵی ٢٠٠١ دامـەزرا و لـە سـاڵی ( ٢٠٠٥ ) ئامادەیـی فیدراڵـی دامـەزرا، هەروەهـا ئامادەیـی سـۆلاڤی کچـان لـە سـاڵی ( ٢٠١٢ ) دامـەزراوە و ئەمـڕۆ شـارەکە ( ٦ ) ئامادەیـی لـە خـۆ دەگرێـت. مێـژووی خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەیی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ( ١٩٨٣ ) کـە پیشەسـازی کفـری دامـەزرا و دواتـر لـە سـاڵی ( ١٩٩٦ ) داخـرا پاشـان لـە سـاڵی ( ٢٠١٠ ) کرایـەوە و پیشـەیی گەشـت و گـوزار لـە سـاڵی ( ٢٠١٢ ) دامـەزرا و پیشـەیی کۆمپیوتـەری کفـری لـە سـاڵی ( ٢٠١٤ ) دامـەزرا، بـەم جـۆرە ناوچـەی توێژینـەوە لـە کاتـی ئێسـتادا خاوەنـی سـێ خوێندنـگای پیشـەییە ( پـەروەردەی گەرمیـان، ٢٠٢٣ ).

نەخشەی ( ١ ) شوێنی شاری کفری بە گوێرەی عێراق و هەرێمی کوردستان و قەزای کفریی




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە:

١- حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی شـارەوانیەکانی گەرمیـان، سـەرۆکایەتیی شـارەوانیی کفـری، بەشـی GIS، نەخشـەی بنەڕەتـی شـاری کفـری، بڵاونەکـراوە، سـاڵی ٢٠٢٣.

٢- هاشـم یاسـین، سـەردار محمـد، هۆشـیار محمـد، ئەتڵەسـی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق و جیهـان، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی تێنـووس، ٢٠٠٩.

هوەری دووەم: دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی و پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوەی دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان، ناساندنی جیاوازی شوێنییە لە دابەشبوونی خوێندنگەکان لە سەر ئاستی گەڕەکەکانی شاردا و یارمەتی پلاندانەرانی شار ئەیات لە دانانی نەخشەی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان، بە شێوەیەك لەگەڵ بارودۆخی هەنووکەیی و داهاتووی دانیشتواندا بگونجێت، لە رێگەی کەمکردنەوەی ئەو شوێنانەی زیادەیان هەیە و رێکخستنەوەیان، و کەمکردنەوەی دیاردەی ناهەوسەنگی شوێنیی، ئەمەش بۆ گەیشتن بە ئاستی رێسای گەشەپێدانی شار ( أبوعمرة، وصالحة، ٢٠١٣، ٢٤٣ ). ئەگەر سەیری خشتەی ( ١ و ٢ ) و نەخشەی ( ٢ ) بکەین لە دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی و پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوەدا دەتوانین تێبینی چەند خاڵێکی گرنگ بکەین و لەم خاڵانەی خوارەوەدا روونی ئەکەینەوە:

لە کۆی ( ١٨ ) گەڕەك تەنها ( ٦ ) گەڕەك خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییان تێدا هەیە کە ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکهاتووە لە ( ٦ ) ئامادەیی، واتە هەریەکەیان لە گەڕەکێکی ناوچەی توێژینەوەدان و، ئەو گەڕەکانەی بە سەریدا دابەش بوون بریتین لە گەڕەکەکانی ( باوەشاسوار، ئیمام محمدی کۆن، نەورۆز، ئازادی، شۆڕش، شەهیدان ) لە کاتێکدا ئەم گەڕەکانە ( ٢٨,٨٪ ) رووبەری ناوچەی توێژینەوەو ( ٥٦,٩٪ ) دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە پێك دەهێنن.

خوێندنگا پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە دەکەونە تەنها دوو گەڕەکەوە ئەویش گەڕەکی ( شەهیدان، مامۆستایان ) کە ( ٤,٢٪ ) رووبەرو ( ١١,٤٪ ) دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە پێك دێنن.

گەڕەکی شەهیدان کە ( ٢٪ ) رووبەر و ( ٧٪ ) دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە بەڵام ( ١٦,٦٪ ) خوێندنگە و ( ٣٥,٦٪ ) خوێندکارو ( ٢٤,٦٪ ) مامۆستایانی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوەی لە خۆگرتووە و، ( ٦٦,٦٪ ) خوێندنگەو ( ٧٦,٦٪ ) خوێندکارو ( ٤٤٪ ) مامۆستایانی خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ نارێکی دابەش بوون بە تایبەتیی پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە لە کاتێکدا ئەم گەڕەکە نەکەوتووەتە ناوەڕاستی شارەوە.

گەڕەکی ( شۆڕش و ئیمام محمدی کۆن ) کە ( ٤,٤٪ ) رووبەر و ( ٢٥٪ ) دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە، هەردوو ئامادەیی کچانی ناوچەی توێژینەوەیان لە خۆ گرتووە، کە ( ٣٣,٢٪ ) خوێندنگە و ( ٣٦٪ ) خوێندکاران و ( ٣٩,٣٪ ) مامۆستایانی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوەی لە خۆ گرتووە.

گەڕەکی ( نەورۆز ) کە ( ١,٢٪ ) رووبەرو ( ٧,٨٪ ) دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە تەنها ( ١٦,٦٪ ) خوێندنگە و ( ١٪ ) خوێندکارو ( ٥,٨٪ ) مامۆستایانی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە. هۆی کەمی رێژەی خوێندکار لە ئامادەیی ( شەهید محمدی قۆرقمازیی تێکەڵاو ) بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە تەنها ئامادەییە تایبەتە بە خوێندکارانی نەتەوەی تورکمان لە ناوچەی توێژینەوەدا.

هەر یەك لە گەڕەکەکانی (ئەوبەری، باخی رەزا، ئیمام محمدی تازە، ئاوارەکان، لەتیف هەڵمەت ، ئەنفالەکان، راپەرین، رزگاری، هەواری نوێ، زیندانی سیاسی، فەرمانبەران ) کە ( ٦٩٪ ) رووبەرو ( ٣٨,٣٪ ) دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەیان پێکهێناوە هیچ خزمەتگوزارییەکی فێرکاریی ئامادەیی و پیشەییان لە خۆ نەگرتووە.

سـەرجەم خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەیـی و پیشـەیی ناوچـەی توێژینـەوە ( ٩ ) دانەیـە کـە ( ١٥٨٤ ) خوێندکاریـان لـە خۆگرتـووە، دەکەونـە گەڕەکەکانـی ( باوەشاسـوار، ئیـمام محمـدی کـۆن، نـەورۆز، ئـازادی، شـۆڕش، شـەهیدان، مامۆسـتایان ) لـە کاتێکـدا ئـەم گەڕەکانـە ( ٣١٪ ) رووبـەرو ( ٦١,٧٪ ) دانیشـتوانی ناوچـەی توێژینـەوەی پێکهێنـاوە.

خشـتەی (١) دابەشـبوونی جوگرافیایـی خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییـەکان و دابەشـبوونی شـاری کفـری بەگوێـرەی گەڕەکـەکان بـۆ سـاڵی (٢٠٢٣)

| ژ | ناوی گەڕەک | ژ.خوێندنگە | % | ژ.خوێندکار | % | ژ.مامۆستا | % | ژ. پۆل | % | رووبەری گەڕەک هکتار | % | ژ. دانیشتوان | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | باوه شاسوار | 1 | 16.6 | 52 | 4 | 8 | 6.5 | 5 | 5.7 | ٦٢,٤٥١ | 18.7 | 3533 | 7.2 |
| 2 | شۆڕش | 1 | 16.6 | 90 | 7 | 15 | 12.3 | 18 | 20.6 | ٧,٥٣٢ | 2.3 | 4902 | 10 |
| 3 | ئازادی | ١ | ١٦,٦ | ٣٠٩ | ٢٣ | ٢٩ | ٢٣,٧ | ١٨ | ٢٠,٦ | ٧,٢٣٨ | 2.2 | 4790 | 9.8 |
| 4 | ئیمام محمد(کۆن | 1 | 16.6 | 378 | 29 | 33 | 27 | 13 | 15 | ٧,١٧٦ | 2.2 | 7414 | 15 |
| 5 | شەهیدان | 1 | 16.6 | 467 | 35.6 | 30 | 24.6 | 24 | 27.6 | ٧,٣٩٩ | 2 | 3282 | 7 |
| 6 | نەورۆز | 1 | 16.6 | ١٤ | ١ | ٧ | ٥,٨ | ٩ | ١٠,٣ | ٤ | 1.2 | 3810 | 7.8 |
| 7 | ئیمام محمد(تازه | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | ٧,٩٤١ | 2.4 | 2500 | 5.2 |
| 8 | رزگاری | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | ٠ | ٩,٤٣٨ | 2.8 | 2461 | 5 |
| 9 | ڕاپەڕین | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | ١١,٨٩٢ | 3.6 | 4886 | 10 |
| 10 | باخی رەزا | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٤,٥١٦ | ١,٣ | ١١٠٠ | ٢,٣ |
| 11 | ئاوارەکان | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | ١٠,٤٦ | 3.14 | 2464 | 5 |
| 12 | مامۆستایان | 0 | 0 | 0 | .0 | 0 | 0 | 0 | 0 | ٦,٨١٤ | 2 | 2313 | 4.7 |
| 13 | ئەنفالەکان | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |  | 0 | 0 | ١٩,٥٦٩ | 5.8 | 686 | 1.4 |
| 14 | هەواری نوێ | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | ١٢,٧٣٨ | 3.8 | 1700 | 3.5 |
| 15 | فەرمانبەران | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | ٩٠,٨٢ | 27.3 | 2000 | 4 |
| 16 | لەتیف هەڵمەت | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | ٣٩,٣ | 12 | 400 | 0.9 |
| 17 | زیندانی سیاسی | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | ١٣,٤ | 4 | 0 | 0 |
| 18 | ئەوبەری | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | ٩,٨ | 2.9 | 500 | 1 |
| کۆی گشتیی |  | 6 | 100 | 1310 | 100 | 122 | 100 | 87 | 100 | ٣٣٢,٤٩٢ | 100 | 48741 | 100 |

خشتەی(٢) دابەشبوونی جوگرافیایی خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەییەکانی شاری کفری بەگوێرەی گەڕەک بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

| ژ | ناوی گەڕەک | ژ خوێندنگە. | % | ژ . خوێندکار | % | ژ. مامۆستا | % | ژ . پۆل | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | شەهیدان | 2 | 66.6 | ٢١٠ | ٧٦,٦ | 15 | ٤٤ | ٢٤ | ٦١,٥ |
| 2 | مامۆستایان | 1 | 33.3 | ٦٤ | ٢٣,٤ | 19 | 56 | 15 | ٣٨,٥ |
| کۆی گشتیی | | 3 | 100 | 274 | 100 | 34 | 100 | ٣٩ | 100 |

سەرچاوەی خشتەی ( ١ و ٢ ):

پشت بەستن بە پاشکۆی ( ١ ).

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە ٢٠٢٣.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانییەکانی گەرمیان، سەرۆکایەتی شارەوانی کفری، بەشی GIS.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوەی ٢٠٢٣.

نەخشەی (٢)دابەشبونی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکان و پیشەییەکان بەسەرگەڕەکەکانی شاری کفریدا بۆساڵی ٢٠٢٣




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە:

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانیەکانی گەرمیان، سەرۆکایەتی شارەوانی کفری، بەشی GIS، نەخشەی بنەڕەتی شاری کفری، بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٣.

سەردانی مەیدانی توێژەران بۆ شوێنی خوێندنگەکان لە ڕێکەوتی ٥ / ٤ بۆ ١١ / ٤ / ٢٠٢٣، بەکارهێنانی ئامێری GPS)).

تەوەری سێیەم : شیکردنەوەی شوێنی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی و پیشەییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا بە بەکارهێنانی (GIS):

یەکەم: شیکردنەوەی شوێنی:

ئامانجی لێکۆڵینەوەی دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان ناساندنی جیاوازی شوێنییە لە دابەشبوونی خوێندنگەکان لە ئاستی گەڕەکەکانی شار کە یارمەتی پلاندانەرانی شار ئەیات بۆ نەخشەی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان، بە جۆرێك لەگەڵ بارودۆخی هەنووکەیی و داهاتووی دانیشتواندا بگونجێت لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ئەو شوێنانەی زیادەیان هەیە و ڕێکخستنەوەیان و کەمکردنەوەی دیاردەی ناهاوسەنگی شوێنیی، هەموو ئەمانە بۆ گەیشتن بە ئاستی ڕێسای گەشەپێدانی شار ( ابوعمرة، ٢٠١٣، ٢٤٣ ). دەتوانین بڵێین دابەشبوون بە کرۆکی کاری جوگرافیایی دائەنرێت لە بەکاهێنان و ڕێکخستنی داتا و زانیارییە شوێنییەکان بە چەندین میتۆدی جیاواز و ئاستی جیاواز ( صالح، ٢٠١٨، ١٠٣ ). پشت بەست بە سیستمی زانیاریی جوگرافیایی کە یارمەتیمان ئەیات داتاکان بە شێوەی جۆراوجۆر ببینین و درك و شرۆڤەیان بکەین، بە جۆرێك پەیوەندییەکان، مۆدێل و پرۆسەکان لە چوارچێوەی نەخشە و راپۆرت و هێڵکارییەکان نیشان بدەین، GIS یارمەتیمان ئەیات بەپێی ئەو داتایانەی هەمانن بە خێرایی خاڵی لاواز و کێشەکان لە سیستمێکدا دەرك بکەین و وەڵامی پرسیارەکان بدەینەوە و کێشەکان چارەسەر بکەین ( سلێمانی و نارێنی، ٢٠١٧، ٨ ). وتەکنیکە ششوێنییەکان بریتیین لە:

## ١ - خاڵە سەنتەرییەکان:

خاڵە سەنتەرییەکانی ناو دابەشبوونە شوێنییەکان بریتین لە: ( سەنتەری ناوەند( Mean center ) ، دیاردەی سەنتەری (Central Feature ) و پاشان ناوەندی ڕووبەری (Areal center)، بێگومان بۆ دۆزینەوەی هەر یەکێ لەم خاڵانە ڕێکارێکی ئاماری تایبەت بە خۆی هەیە، گرنگی دۆزینەوەی ئەم خاڵانە لەوەدایە هەر یەکەیان دەبنە چەقی پێوەرە ئاماری و شوێنیەکانی تر ( کریم، وفوأد، ٢٠١٩، ٣٥١ ). هەروەك لە نەخشەی ( ٣ ) بۆمان دەردەکەوێت هەریەك لە خاڵە سەنتەرییەکانی خزمەتگوزاریی فێرکارییە ئامادەییەکان و پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە لە یەك خاڵی دیاریکراودا نین، واتە لە سەر یەك نین و لە سێ شوێنی جیاوازدان، بۆیە لە نەخشەکەدا ئەوەمان بۆ روون ئەبێتەوە دابەشبوونەکەیان بە شێوەیەکی نموونەیی و ڕێکخراو نییە.

٢ - دووری پێوانەیی Standard Distance)):

دووری پێوانەیی لە شیکاری دابەشبوونی شوێنیدا گرنگییەکی زۆری هەیە و هاوشێوەی پێوەری لادانی پێوانەییە، بە کاردێت بۆ پێوانەکردنی رادە و پلەی کۆبوونەوەی دیاردەکان لە دابەشبوونێکی شوێنیدا، ئەم پێوەرە سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ کێشانی بازنەیەك ناسراوە بە بازنەی پێوانەیی (Standard Circle)، ئەکرێت لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم پێوەرەوە زانیارییمان دەربارەی پلەی کۆبوونەوە یان بڵاوبوونەوەی دووریی شوێنیی دیاردەکان دەست بکەوێت و، ناوەڕاستی بازنەکە بریتییە لە خاڵی سەنتەری ناوەندی ( Chapman McGraw, J. R& Charles B Monroe, ٢٠٠٩, ٥٦-٥٧). هەرچەندە بەهای دووریی پێوانەیی زیاتر بێت هێندەی تر قەبارەی بازنەکە گەورەتر دەردەکەوێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دابەشبوونی خاڵەکانی ناو دیاردەکە دابەشبوونێکی پەرشوبڵاوە و، پێچەوانەی ئەمەش

راستە (السماك, والعبـاس, ٢٠١١, ١٩٨ ).

لـە بەکارهێنانـی دووری پێوانەییـەوە سـەبارەت بـە خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییەکانـی ناوچـەی توێژینـەوە بۆمـان روون بوویـەوە کـە:

لـە کـۆی ( ٦ ) ئامادەییەکـەی ناوچـەی توێژینـەوە ( ٣ ) یـان کەوتوونەتـە نـاو بازنەکـەوە بـە رێـژەی ( ٥٠٪ )، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت نیـوەی ئامادەییـەکان لـە دەوری خاڵـی سـەنتەری کۆبوونەتـەوە.

خاڵـی سـەنتەری ناوەنـدی خزمەتگـوزاری فێـرکاری ئەکەوێتـە باکـووری رۆژهەڵاتـی گەڕەکـی مامۆسـتایان لـە نزیـك هێڵـی جیاکـەرەوەی گەڕەکـی مامۆسـتایان _ رزگاری، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییەکانـی ناوچـەی توێژینـەوە ناکەوێتـە سـەنتەری ناوچـەی توێژینـەوە و لـە گەڕەکـە جیاوازەکانیـدا دابـەش بـووە، ئەمـەش ئاماژەیەکـی باشـە بـۆ دابەشـبوونی ئـەم خزمەتگوزارییـە بـە شـێوەیەکی بـاش لـە ناوچـەی توێژینـەوەدا.

سـەبارەت بـە دووری پێوانەیـی خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکانی ناوچـەی توێژینـەوە لـە کـۆی ( ٣ ) پیشـەییەکە ( ٢ ) لـە پیشـەییەکان ئەکەوێتـە نـاو بازنەکـەوە بـە رێـژەی ( ٦٦,٦٪ ) ئەمـەش پێـمان دەڵێـت زۆرینـەی ئـەم خزمەتگوزارییـە لـە دەوری خاڵـی سـەنتەری کۆبوونەتـەوە.

خاڵـی سـەنتەریی خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشـەییەکانی ناوچـەی توێژینـەوە ئەکەوێتە گەڕەکـی شۆڕشـەوە وئـەم گەڕەکـە ناکەوێتـە ناوەڕاسـتی شـاری کفرییـەوە بەڵکـو زیاتـر بـەرەو رۆژئـاوای ناوچـەی توێژینەوەیـە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت زۆرینـەی خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکان ئەکەوێتـە رۆژئـاوای ناوچـەی توێژینـەوە و بـێ پلانـی هەبـووە لـە دانانـی شـوێن و دابەشـکردن و دامەزراندنـی خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکاندا. بڕوانـە نەخشـەی ( ٣ ).

نەخشـەی ( ٣ ) خاڵـە سـەنتەرییەکان و دووریـی پێوانەیـی بـۆ خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییـەکان و پیشـەییەکان لەسـاڵی( ٢٠٢٣ ) دا لـە شـاری کفـری



سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە:
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانییەکانی گەرمیان، سەرۆکایەتی شارەوانی کفری، بەشی GIS، بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٣.
نەخشەی ( ١ – ٢ ).
بەکارهێنانی بەرنامەی ( spatial statistics-Measuring Geographic-Mean center ١٠,٨ Arc Map GIS ).

٣ - ئاراستەکانی دابەشبوون ( Directional Distribution ):

ئاراستەی دابەشبوون هەندێك جار بە ( شێوازی هێلکەیی بۆ پێوانەکردنی پلەی بڵاوبوونەوە ) ناو دەبرێت، ئەم پێوەرە بە کاردێت ئەگەر هاتوو دابەشبوونی ئەو دیاردەیەی توێژینەوەی لەسەر ئەکرێت ئاراستەیەکی دیاریکراوی هەبێت، بۆیە لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم پێوەرەدا دەتوانین شێوەیەکی هێلکەییمان دەست بکەوێت کە گوزارشت لە تایبەتمەندییەکانی ئاراستەی دابەشبوون لەو ناوچەیە ئەکات. سەنتەری ئەم شێوە هێلکەییە لە نەخشەکەدا ئەکەوێتە سەر خاڵی سەنتەری ناوەندی (Mean Center). ( داود, ٢٠١٢, ٤٦ ). بە بەکارهێنانی پێوەری ئاراستەکانی دابەشبوون بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکان و پیشەییەکان، لە خشتەی ( ٣ ) و نەخشەی ( ٤ ) خراوەتەڕوو، بۆمان روون ئەبێتەوە کە: ئاراستەی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکان لە باکووری خۆرهەڵاتەوە بەرەو باشووری خۆرئاوا درێژبووەتەوە و، ئاراستەی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەییەکان لە ناوەڕاستی ناوچەی توێژینەوە بەرەو باشووری خۆرئاوایە.

( ٣٣,٣٪ ) خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکان دەکەونە ناو بازنەکەوە و شێوەی دابەشبوونەکەی شێوەی هێلکەییی تەواو نییە و کەمێك بەرەو درێژکۆلەییە هۆکاری ئەوەیە خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکان لە دەوری خاڵی سەنتەری کۆنەبوونەتەوە.

( ٦٦٪ ) خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەییەکان دەکەونە ناو بازنەکەوە و لە هەمان کاتدا بازنەکە بە شێوەی درێژکۆڵەیی هەڵکەوتووە، وزۆرینەی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە جگە لە گەڕەکەکانی ناوەڕاست وباشووری خۆرهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە سەرجەم گەڕەکەکانی تر بێ بەشن لەم خزمەتگوزارییە، هۆکارکەی دەگەڕێتەوە بۆ بێ پلانی دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزارییە لە ناوچەی توێژینەوەدا.

ئەم پێوەرە ئاماژە بەوە ئەکات زۆربەی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکان لە ناوەندی ناوچەی توێژینەوەدا کۆنەبوونەتەوە. خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە لە رووبەرێکی بچووکدا کۆبوونەتەوە و زۆرینەی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە بێ بەشن لەم خزمەتگوزارییە.

نەخشەی ( ٤ ) ئاراستەی دابەشبوون بۆ خوێندنگە ئامادەییەکان وپیشەییەکانی شاری کفری لە ساڵی (٢٠٢٣ ) دا




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە:

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانیەکانی گەرمیان، سەرۆکایەتی شارەوانی کفری، بەشی GIS، بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٣.

نەخشەی ( ٣ )

بەکارهێنانی بەرنامەی ( Arc Map GIS ١٠,٨ spatial statistics-Measuring Geographic-Distribution Ellipse )

خشتەی(٣) بەهای ئاراستەی دابەشبون بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکان و پیشەیەکانی ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی٢٠٢٣))دا

| دامەزراوە فێرکاریی | بەهای (x) بەمەتر | بەهای (y) بەمەتر | بەهای سوڕانەوە | ئەو خوێندگانەی دەکەونە ناو شێوە بازنەیەکەوە |
|---|---|---|---|---|
| خوێندنگا ئامادەییەکان | 532.3 | 1027.8 | 43.6 | ٪٣٣,٣ |
| پیشەیی | 742.3 | 114.5 | 58.7 | ٪٦٦ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە: بەکارهێنانی بەرنامەی(( Arc GIS ١٠,٨ و جێبەجێکردنی هاوکێشەی ( Standard Distance )

دووەم: شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی و پیشەییەکان:

شێواز زاراوەیەکە لە توێژینەوە زانستییەکاندا ئاماژەکردنە بۆ دابەشبوون، بە تایبەتی لە لای جوگرافیاییناسان بریتیە لەو شێوازەی کە لە ڕێگەیەوە رەگەزەکانی سەر رووی زەوی ڕێکدەخرێن،

توێژینــەوەی شـێوازی دابەشــبوونی شــوێنیی یەکێکــە لــە هــۆکارە ینەڕەتییــەکان لــە ڕێگەیــەوە ئەتوانرێــت بڕیــار لەســەر مــەودای هاوســەنگی دیــاردەکان لــە پانتاییــە شــوێنییەکاندا بدرێــت، بۆیــە جوگرافیاییناســان لــە توێژینــەوەی دیاردەکانــدا گرنگــی ئەیــەن بــە شــێوازەکانی دابەشــبوونیان ( محمــد, ١٩٨٢, ٢٠ ). نزیکتریــن دراوســێ جــۆرە شــیکارییەکە لــە ڕێگا ئامارییــە بــاوەکان، جوگرافیاییناســان بــۆ دیاریکردنــی شــێوازو شــێوەکانی دابەشــبوون بــەکاری دەهێنــن، چونکــە پەیوەنــدی نێــوان دیــاردەکان لەگــەڵ یەکــتر و ڕادەی بڵاوبوونــەوەو کۆبوونــەوەی دیــاردە جوگرافیاییــەکان بــە وردی دەپێوێــت، وبــە پێچەوانــەی ئامرازەکانــی تــرەوە ئاماژەیەکــی دیاریکــراوی بــۆ دیاریکردنــی شــێوازی دابەشــبوون هەیــە و پێویســتی بــە وەســفکردن نییــە(Sarkar, ٢٠١٠, ٥٠ ) . بەهــای ئــەم پێــوەرە لــە نێــوان ( ٠ ) بــۆ ( ٢,١٤٩ ) بــە جۆرێــك نرخــی ( ٠,٠٠ – ٠,٠٩ ) شــێوازی کۆبــووەوە ئەنوێنــی، ( ٠,١ – ٠,٤٩ ) لــە یەکــتر نزیکــی هێشــوویی، ( ٠,٥٠ – ٠,٩٩ ) لــە یەکــتر نزیکــی هەڕەمەکــی، ( ١ – ١,١٩ ) هەڕەمەکــی، ( ١,٢٠ – ٢,١٤٩ ) پــەرش و بــڵاوە ( ســماك, والعــزاوي, ٢٠١١, ١٤٩ ). ئەگــەر هــەر کاتێــك لــە ( ٢,٠ ) بــەرەو ســەرەوە بــوو ئــەوا بــە هەمــان شــێوە دابەشــبوونەکە پــەرش و بــڵاوە ( داود, ٢٠١٢, ٥٢ ). ئەگــەر بەهــای (Z – Score ) کەوتــە نێــوان (-٢,٥٨ ) و ( +٢,٥٨ ) ئــەوا بەهــای ڕەخنەییــە و گریمانــەی پرەنســیپی هەڵئەبژێریــن، ئەگــەر لــەو نێوەنــدەدا نەبــوو ئــەوا گریمانــەی شــوێن گــرەوە هەڵئەبژێریــن. ســەبارەت بــە خزمەتگوزاریــی فێرکاریــی  ئامادەییــەکان بڕوانە خشــتەی ( ٤ ) و شــێوەی ( ١ ) بــە گوێــرەی ئــەو زانیاریيانــەی بــە دەســتمان هاتــووە لــە شــێوە و خشــتەی نزیکتریــن دراوســێی خزمەتگوزاریــی فێرکاریــی ئامادەییەکانــی ناوچــەی توێژینــەوە بۆمــان ڕوون ئەبێتــەوە بەهــای شــیکاری بــۆ ئــەم خزمەتگوزارییــە بریتیــە لــە ( ١,٩٣ ) واتــە شــێوازی دابەشــبوونەکە ( پــەرش و بــڵاوە)، وبەهــای (Z – Score ) بریتییــە لــە ( ٤,٣٧ ) واتــە نەکەوتۆتــە چوارچێــوە بەهــای ڕەخنەییــەوە و گریمانــەی پرەنســیپی ڕەتئەکەینــەوە وگریمانــەی ( شــوێنگرەوە ) پەســەند ئەکەیــن کــە واتــای ئەوەیــە شــێوازی دابەشــبوونەکە دیاریکــراوە و پەیوەســتە بــە چەنــد هۆکارێکــی تایبەتــەوە لەوانــە کۆبوونــەوەی خزمەتگوزاریــی فێرکاریــی ئامادەییەکانــی ناوچــەی توێژینــەوە لــە چەنــد گەڕەکێکــی نزیــك بــە یەکــتر وبێبەشــبوونی باشــووری خۆرهــەڵات و خۆرئــاوای ناوچــەی توێژینــەوە لــەم خزمەتگوزارییــە چونکــە لــە گەڕەکــە کۆنەکانــی شــارەکە نیــن ولــەم چەنــد ســاڵەی دواییــدا درووســتبوون.

خشــتەی ( ٤ ) بەهــای نزکتریــن دراوســێ بــۆ خزمەتگوزاریــی فێرکاریــی ئامادەییەکانــی ناوچــەی توێژینــەوە لەســاڵی ٢٠٢٣

| دامەزراوهی فێرکاریی | بەهای شیکاری | بەهای z-score | بەهای p-value | گریمانەی پەسەندکراو |
|---|---|---|---|---|
| خوێندنگا ئامادەییەکان | 1.93 | 4.37 | 0.000012 | شوێنگرەوە |

سەرچاوە: شێوەی ( ١ )

شـێوە ( ١ ): شـێوازی دابەشـبوون خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییەکانـی ناوچـەی توێژینـەوە لـە سـاڵی ( ٢٠٢٣ ) دا




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە:
بەکارهێنانی بەرنامەی ( Arc GIS ١٠,٨ ) وجێبەجێکردنی هاوکێشەی ( Average Nearest Neighbor )

سـەبارەت بـە نزیکتریـن دراوسـێی خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکانی ناوچـەی توێژینـەوە ئەگـەر سـەیری خشـتەی ( ٥ ) و شـێوەی ( ٢ ) بکەیـن لـەو زانیارییانـەی بـە دەسـتمان هاتـووە بۆمـان روون ئەبێتـەوە بەهـای شـیکاری بـۆ خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکان بریتیـە لـە ( ٣,٧٣ ) واتـە شـێوازی دابەشـبوونەکە وەکـو پێشـتر ئاماژەمـان پێیـدا لـە ( ٢ ) بـەرەو سـەرەوە ( پەرشـوبڵاوە )، وبەهـای (( Z – Score ) بریتیـە لـە ( ٩,٠٦ ) واتـە نەکەوتۆتـە چوارچێـوە بەهـای رەخنەییـەوە و گریمانـەی پەرنسـیپی رەتئەکەینـەوە و گریمانـەی ( شـوێنگرەوە ) پەسـەند ئەکەیـن کـە واتـای ئەوەیـە شـێوازی دابەشـبوونەکە دیاریکـراوە و پەیوەسـتە بـە چەنـد هۆکارێکـی تایبەتـەوە لەوانە کۆبوونـەوەی خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکان لـە دوو گەڕەکـدا و، کەمـی ژمـارەی ئـەم خزمەتگوزارییـە کـە یەکێکیـان ئەکەوێتـە ناوەڕاسـتی ناوچـەی توێژینـەوە و دووانەکـەی تریـان کـە نزیکـی یەکـترن دەکەوێتـە گەڕەکـی شـەهیدان کـە لـە باشـووری خۆرئـاوای ناوچـەی توێژینەوەیـە.

خشـتەی ( ٥ ): بەهـای نزکتریـن دراوسـێ بـۆ خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکانی ناوچـەی توێژینـەوە

لـە٢٠٢٣دا

| دامەزراوەی فێرکاریی | بەهای شیکاری | بەهای z-score | بەهای p-value | گریمانەی پەسەندکراو |
|---|---|---|---|---|
| ئامادەیی پیشەیی | 3.73 | 9.06 | 0000 | شوێنگرەوە |

سەرچاوە: شێوەی ( ٢ )

شێوە ( ٢ ): شـێوازی دابەشـبوون خزمەتگوزاریـی فێرکاریی پیشـەییەکانی ناوچـەی توێژینـەوە لـە سـاڵی ( ٢٠٢٣ ) دا




سـەرچاوە: کاری توێـژەران پشـت بەسـتن بە:بەکارهێنانـی بەرنامـەی ( Arc GIS ١٠,٨ ) وجێبەجێکردنـی هاوکێشـەی ( Average Nearest Neighbor )

تـەوەری چـوارەم: هەڵسـەنگاندنی توانسـتی خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەیـی و پیشـەییەکانی ناوچـەی توێژینـەوە:

چەمکـی کارایـی یەکێکـە لـە چەمکـە زۆر بەکارهێـنراوەکان لـە هەڵسـەنگاندنی توانـای مرۆڤـدا، بـە شـێوەیەکی فـراوان بەکاردەهێنرێـت لـە توێژینـەوە ئابورییەکانـدا بـە تایبـەت لـە توێژینـەوە جوگرافیاییەکانـدا کـە پلاندانان تێیـدا هۆکارێکـی گرنگە لـە دابەشـکردنی خزمەتگوزارییـە فێرکارییەکانـدا جا چ لـە ئاسـتی هەرێم

بێت یان دەوڵەت، ئەمەش بە پاساوی ئەوە دێت کە خزمەتگوزارییەکە پایەدارە بە ژمارەی دانیشتووان و دابەشبوونیان لە لایەکەوە و پێویستی دانیشتووان بۆ خزمەتگوزارییەکە لە لایەکی ترەوە ( العیداني, ٢٠٠٢, ١٣٦ ). هەروەك توێژینەوە جوگرافیاییەکان ناسراون بەوەی باشترین وەبەرهێنانە بۆ دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان و مرۆییەکان بە شێوەیەك وای لێ ئەکات پێش بکەوێت بە زۆرترین سوود و بە کەمترین کات و تێچوون ( شریف, ٢٠١٣, ٣١٧ ). بۆ هەڵسەنگاندنی توانای خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی و پیشەییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا ئەو پێوەرانەی لە لایەن وەزارەتی پلاندانانی عێراقەوە دانراون جێبەجێیان ئەکەین و دەگەین بە دەرەنجامێك کە بڕیار بدەین ئاستی ئەم خزمەتگوزارییە چەندە و توانای پێشکەشکردنی دەردەکەوێت، ئەم پێوەرانەش بریتین لە:

## یەکەم: پێوەری دانیشتوان ( المعيار السكاني ):

خزمەتگوزاریی فێرکاریی پەیوەستە بە ژمارەی دانیشتوانەوە چونکە تاوەکو ژمارەی دانیشتوان زیاد بکات پێویستی بۆ ئەم خزمەتگوزارییە زیاد ئەکات، پشت بەست بە پاشکۆی ( ٢ ) پێوەرە عێراقییەکان بۆ هەر خوێندنگەیەکی ئامادەیی ( ٥٠٠٠ ) کەسیان دیاری کردووە. بۆ هەر خوێندنگەیەکی پیشەیی ( ٢٠٠٠٠ ) کەسیان دیاری کردووە. واتە بە پێی ئەم پێوەرە کە دانیشتوانی توێژینەوە پێکهاتووە لە ( ٤٨٧٤١ ) کەس، بەمجۆرە ناوچەی توێژینەوە پێویستی بە ( ١٠ ) ئامادەیی هەیە لە حاڵێکدا تەنها ( ٦ ) خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی لە خۆ گرتووە، لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی کورتهێنانی هەیە و هەر خزمەتگوزارییەکی فێرکاریی ئامادەیی ( ٨١٢٣ ) کەسی بەردەکەوێت و بۆ ئەوەی هاوتا بێت لە گەڵ پێوەردا پێویستی بە ( ٤ ) خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی تر هەیە، بەڵام خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەییەکان پێوەریان تێپەڕاندووە بە دیوی ئەرێنیدا چونکە ناوچەی توێژینەوە خاوەنی ( ٣ ) خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەییە و هەر خوێندنگەیەکی پیشەیی ( ١٦٢٤٧ ) کەسیان بەر دەکەوێت.

## دووەم: نیشاندەرە پەروەردەییەکان ( المؤشرات التربوية ):

پشت بەست بە خشتەی ( ٦ ) و ( ٧ ) و پاشکۆی ( ٢ ) کە تێیدا بارودۆخی نیشاندەرە پەروەردەییەکانی ناوچەی توێژینەوە و پێوەرە ناوخۆییەکان خراوەتە روو، دەرئەکەوێت بارودۆخی پێوەرە ژمارەییەکان لە ناوچەی توێژینەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١ - خوێندکار/ خوێندنگە:

بە پێی پێوەری عێراقیی هەر خزمەتگوزارییەکی فێرکاریی ئامادەیی ( ٤٠٨ ) خوێندکارە و هەر خزمەتگوزارییەکی فێرکاریی پیشەیی ( ٥٣١ ) خوێندکار ئەبێت لە خۆ بگرێت، بە پێی ئەم پێوەرە خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکان لە ئاستێکی باشدان تەنها ئامادەیی ( فیدراڵ ) نەبێت کە لە سەرووی پێوەرەوەیە و ( ٤٦٧ ) خوێندکاری لە خۆ گرتووە و، تێکڕای خوێندکار لە خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوە ( ٢١٨ ) خوێندکارە. خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەییەکان ڕێژەی خوێندکاریان زۆر کەمە کە تێکڕای خوێندکار لە خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە

( ٩١ ) خوێنـدکارە، ئەمـەش خاڵێکـی لاوازە بـۆ خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکانی ناوچـەی توێژینـەوە کـە بـەو ڕێژەیـە خوێنـدکاری کەمـە چونکـە وا دەرئەکەوێـت هێشـتا جێگـەی متمانـەی دانیشـتوانی ناوچـەی توێژینـەوە نیـن یـان ئـەم خزمەتگوزارییـە بـە شـێوەیەکی گشـتیی هێشـتا جێگـەی خـۆی نەکردووەتـەوە وەکـو خزمەتگوزارییەکـی فێرکاریـی بـۆ داهاتـووی فێرخـوازان.

٢ – پۆل/ خوێندنگە:

پێـوەری عێراقیـی بـۆ ژمـارەی پـۆل بـۆ خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەیـی ( ١٢ ) پۆلـە و بـۆ خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەیی (١٨ – ٣٠ ) پۆلـە، خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییەکانـی ناوچـەی توێژینـەوە لـە سـەرووی پێـوەرەوەن جگـە لـە ئامادەیـی ( ئەحمـەدی خانـی و شـەهید محمـد قۆرقـمازی ) نەبێـت لـە خـوارەوەی پیـوەردان و، تێکـڕای پۆلـی خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییەکانـی ناوچـەی توێژینـەوە ( ١٤ ) پۆلـە کـە ئەمـەش خاڵێکـی ئەرێنیـە. خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکانی ناوچـەی توێژینـەوە لـە خـواروویی پێـوەردان جگـە لـە ( پیشـەیی کۆمپیوتـەری کفـری ) ئەکەوێتـە نـاو پێـوەرەوە کـە ( ٢٤ ) پۆلـی لـە خـۆ گرتـووە و تێکـڕای پۆلـی خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکانی ناوچـەی توێژینـەوە ( ١٥ ) پۆلـە بـۆ هـەر خوێندنگەیـەك، بـەڵام کەمـی ژمـارەی خوێنـدکار هۆکارێکـە بـۆ ئـەوەی هەسـت بـە کورتهێنـان نەکرێـت لـە کەمیـی ژمـارەی پۆلـدا.

٣ – خوێندکار/ پۆل:

ئـەم پێوەرەیـان هەڵسـەنگاندن ئـەکات بـۆ هـەر پۆلێـك کـە چەنـد خوێنـدکار لـە خـۆ دەگرێـت، تاوەکـو ژمـارەی خوێنـدکار لـە پۆلەکانـدا کەمـتر بێـت باشـترە و تاوەکـو زیاتـر بێـت چـڕی خوێنـدکاران زیاتـر ئەبێـت و ئەمـەش کاریگەریـی نەرێنـی لـە سـەر خوێنـدکاران ئەبێـت و،پێـوەری عێراقـی بـۆ پۆلـی خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییـەکان ( ٢٥ – ٣٠ ) خوێنـدکارە و بـۆ خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکان ( ٣٤ ) خوێنـدکارە، تێکـڕای خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییەکانـی ناوچـەی توێژینـەوە ئەکەونـە خـواروویی پێـوەرەوە بـە دیـوی ئەرێنیـدا جگـە لـە ئامادەیـی ( سـۆلاڤ ) کـە ئەکەوێتـە نـاو پێـوەرەوە و، ئامادەیـی (شـەهید محمـد قۆرقـمازی ) بـە هـۆی ئـەوەی زمانـی تورکمانیـە و زۆرێـك لـە تورکمانەکانـی ناوچـەی توێژینـەوە دەچنـە ئامادەییەکانـی تـر وای کـردووە زۆر کـەم بێـت و بەرکەوتـەی هەرپۆلێـك ( ١,٥ ) خوێنـدکار بێـت و، تێکـڕای خوێنـدکاری خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییەکانـی ناوچـەی توێژینـەوە ( ١٣,٥ ) خوێنـدکارە لـە هەرپۆلێکـدا و ئەمـەش پێوەرێکـی گرنگـە و وا ئـەکات خوێنـدکاران لـە دۆخێکـی زۆر باشـدا بـن، چونکـە خوێنـدکار لـە خوێندنـگادا زۆرتریـن کاتەکانـی لەنـاو پۆلدایـە و، خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکانی ناوچـەی توێژینـەوە بـە هـۆی کەمـی ڕێـژەی خوێنـدکارەوە زۆر لـە خـواروویی پێوەرەوەیـە و، تێکـڕای خوێنـدکاری خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکانی ناوچـەی توێژینـەوە ( ٦,٧ ) خوێنـدکارە لـە هـەر پۆلێکـدا.

٤ – خوێندکار/ مامۆستا:

ئـەم پێـوەرە زۆر گرنگـە چونکـە تاوەکـو پشـکی خوێنـدکار بـۆ هـەر مامۆسـتایەك زیاتـر بێـت وا ئەکات مامۆسـتا بـە باشـی زانیارییـەکان نەگەیەنێتـە خوێنـدکاران و بـە دڵنیاییـەوە کاریگەریـی لـە سـەر توانـای مامۆسـتایان ئەبێـت، پێـوەرە عێراقییـەکان بـۆ خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەیـی ( ١٧ ) خوێندکار بـۆ خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکان ( ٢٠ ) خوێندکاریـان دیاریکـردووە، سـەرجەم خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییەکانـی ناوچـەی توێژینـەوە لـە خـواروویی پێـوەردان بـە دیـوی ئەرێنیـدا و تێکـڕای بەرکەوتـەی خوێنـدکار بـۆ هـەر مامۆسـتایەك (

٨,٦ ) خوێندکارە. خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە جگە لە ( پیشەیی کۆمپیوتەری کفری ) کە پێوەری تێپەڕاندووە بە دیوی نەرێنیدا و بەرکەوتەی خوێندکار بۆ هەر مامۆستایەك ( ٢٥,٣ ) خوێندکارە لەم پشەییەدا و، دوو پیشەییەکەی تر لە خوارووی پێوەردان بە دیوی ئەرێنیدا و، تێکڕای بەرکەوتەی خوێندکار بۆ هەر مامۆستایەك ( ١١,٦) خوێندکارە لە خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوەدا.

خشتەی ( ٦ ) بارودۆخی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی پێوەرە ژمارەییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٣

| پێوەرەکان خوێندنگەکان | ژ . خوێندکار | ژ . پۆل | بەرکەوتەی خوێندکار بۆ هەر پۆلێک | ژ . مامۆستا | بەرکەوتەی خوێندکار بۆهەر مامۆستایەک |
|---|---|---|---|---|---|
| کفری تێکەڵ | 309 ↓ | 18 | 17 ↓ | 29 | 10.6 ↓ |
| ئەحمەدی خانی (ئێواران) | 52 | 5 ↓ | 10 ↓ | 8 | 6.5 ↓ |
| ئاراراتی (کچان) | 90 ↓ | 18 ↑ | 5 ↓ | 15 | 6 ↓ |
| فیدراڵ | 467 | 24 ↑ | 19 ↓ | 30 | 15.5 ↓ |
| سۆلاف ( کچان ) | 378 ↓ | 13 ↑ | 29 ↓ | 33 | 11.4 ↓ |
| شەهید محمد قۆرقمازی (تێکەڵ) | 14 ↓ | 9 ↓ | 1.5 ↓ | 7 | 2 ↓ |

خشتەی ( ٧ ) بارودۆخی خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە بە گوێرەی پێوەرە ژمارەییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٣

| پێوەرەکان پیشەییەکان | ژ . خوێندکار | ژ . پۆل | بەرکەوتەی خوێندکار بۆ هەر پۆلێک | ژ . مامۆستا | بەرکەوتەی خوێندکار بۆهەر مامۆستایەک |
|---|---|---|---|---|---|
| پیشەیی کۆمپیوتەری کفری | 152 ↓ | 24 | 6.3 ↓ | 6 | 25.3 ↑ |
| پیشەی گشت و گوزاری کفری | 58 ↓ | 6 ↓ | 9.6 ↓ | 9 | 6.4 ↓ |
| پیشەسازی کفری | 64 ↓ | 15 | 4.2 ↓ | 19 | 3.3 ↓ |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بەپاشکۆی ( ١ )

↑↓ خوروو یان سەرووی ستاندارد بە دیوی نەرێنیدا — هاوتا لە گەڵ ستاندارد

↑↓ خواروو یان سەرووی ستاندارد بە دیوی ئەرێنیدا

## سێیەم: پێوەرە رووبەرییەکان ( المعيار المساحي ):

پێوەری رووبەر یەکێکی ترە لەو پێوەرە گرنگانەی بۆ هەڵسەنگاندنی توانای خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان بە کار دەهێنرێت، چونکە کاریگەریی راستەوخۆی لە سەر گەشەسەندنی زانستیی و فێرکاریی هەیە بۆ هەریەك لە قۆناغە جیاوازەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ( حاجي محمد, ٢٠٢٢, ١٤٥ ). پشت بەست

بـە خشـتەی ( ٨ ) و ( ٩ ) وپاشـکۆی ( ٢ ) دەرئەکەوێـت کـە بارودۆخـی پێـوەرە رووبەرییـەکان لـە ناوچـەی تۆێژینـەوەدا بـەم شـێوەیەی خوارەوەیـە:

١ - خوێندنگە / رووبەر:

پێـوەرە خۆجێیـەکان بـۆ رووبـەری گشـتیی خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییـەکان و پیشـەییەکان ( ٩٠٠٠ ) م٢ یـان دیاریکـردووە، بـە پێـی ئـەم پێـوەرە بـۆ خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییەکانـی ناوچـەی تۆێژینـەوە جگـە لـە ( ئامادەیـی کفـری ) کـە رووبەرەکـەی ( ٩١٨٠ ) م٢ هەمـوو خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییەکانـی تـر دەکەونـە خـوارووی پێـوەرەوە. و خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکانی ناوچـەی تۆێژینـەوە هەموویـان لـە خـوارووی پێـوەرەوەن جگـە لـە ( پیشەسـازی کفـری ) کـە رووبەرەکـەی پێکهاتـووە لـە ( ١٢٠٠٠ ) م٢ کـە پێـوەری تێپەڕانـدووە بـە دیـوی ئەرێنیـدا، ئاشـکرایە کـە گرنگـی بـەم پێـوەرە نـەدراوە لـە کاتـی درووسـتکردنی خزمەتگوزاریـی فێرکارییـە ئامادەییـەکان و پیشـەییەکانی ناوچـەی تۆێژینـەوە.

٢ - خوێندکار/ رووبەری گشتیی:

بـە پێـی ئـەم پێـوەرە بەرکەوتـەی خوێنـدکار لـە رووبـەری گشـتیی خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییـەکان و پیشـەییەکان ( ٢١ - ٢٦ ) م٢، خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییەکانـی ناوچـەی تۆێژینـەوە لـە ئاسـتێکی باشـدان جگـە لـە ئامادەیـی ( سـۆلاڤ و فیـدراڵ ) کـە لـە خـوارووی پێـوەردان و، ئامادەیـی ( شـەهید محمـد قۆرقـمازی ) لـە بـەر ئـەوەی ژمـارەی خوێنـدکار لـە خوێندنگەکـەدا ( ١٤ ) خوێنـدکارە بۆیـە هـەر خوێندکارێـك ( ٣١٤ ) م٢ بەرکەوتـووە و، تێکـڕای بەرکەوتـەی خوێنـدکاری خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییەکانـی ناوچـەی تۆێژینـەوە لـە رووبـەری گشـتیی ( ٨٧ ) م٢ بـۆ هـەر خوێندکارێـك. خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکانی ناوچـەی تۆێژینـەوە هەموویـان بـە ڕێژەیەکـی زۆر لـە سـەرووی پێـوەردان بـە دیـوی ئەرێنیـدا وتێکڕایـان ( ٧٠ ) م٢ بـۆ هـەر خوێندکارێـك لـە رووبـەری گشـتیی.

٣ - خوێندکار/ رووبەری بینا:

رووبـەری بینـا واتـە جگـە لـە رووبـەری باخچـە و یاریـگا و سـەوزایی و بەشـە جیاوازەکانـی تـری خوێندنگـە، بەپێـی ئـەم پێـوەرە بەرکەوتـەی خوێنـدکاری خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییـەکان و پیشـەییەکان لـە رووبـەری بینـا ( ٨ - ١٢ ) م٢ بـۆ هـەر خوێندکارێـك، هەریـەك لـە ئامادەییەکانـی ( ئەحمـەدی خانـی و شـەهید محمـد قۆرقـمازی ) دەکەونـە سـەرووی پێـوەرەوە و، ئامادەیـی ( ئـارارات و سـۆلاڤ ) دەکەونـە نـاو پێـوەرەوە و، ئامادەیـی ( کفـری و فیـدراڵ ) لـە خـوارووی پێـوەردان و، تێکـڕای بەرکەوتـەی خوێنـدکار ( ١٤,٨ ) م٢ لـە رووبـەری بینـای خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەیەکانـی ناوچـەی تۆێژینـەوەدا. لـە خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکاندا تەنهـا پیشـەیی ( گەشـت و گـوزار ) ئەکەوێتـە خـوارووی پێـوەرەوە بـە ڕێـژەی ( ٧,٥ ) م٢ و، تێکـڕای بەرکەوتـەی خوێنـدکاری خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکانی ناوچـەی تۆێژینـەوە ( ٢٨,٢ ) م٢ بـۆ هـەر خوێندکارێـك.

خشـتەی ( ٨ ) بەرکەوتـەی خوێنـدکار لـە ڕووبـەری گشـتیی و بینـای خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییەکانـی شـاری کفـری بـۆ سـاڵی ٢٠٢٣

| ناوی خوێندنگە | ڕووبەری گشتیی بە (م٢) | بەرکەوتەی خوێندکار(م٢) | بەراورد بە پێوەر | ڕووبەری بینا بە (م٢) | بەرکەوتەی خوێندکار(م٢) | بەراورد بە پێوەر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کفری تێکەڵ | 9180 | 29.7 | ↑ | 2250 | 7.2 | |
| ئەحمەدی خانی (ئێواران) | 4278 | 82.2 | ↑ | 852 | 16.3 | ↑ |
| ئاراراتی (کچان) | 6000 | 66.6 | ↑ | 730 | 8.1 | = |
| فیدراڵ | ٥٦٦٠ | ١٢,١ | ↓ | 2700 | 5.7 | ↓ |
| سۆلاف | 6400 | 17 | ↓ | 2867 | ٨ | = |
| شەهید محمد قۆرقمازی (تێکەڵ) | 4400 | 314 | ↑ | ٦٢٠ | ٤٤ | ↑ |

خشـتەی ( ٩ ) بەرکەوتـەی خوێنـدکار لـە ڕووبـەری گشـتیی و بینـای خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی پیشـەییەکانی شـاری کفری بۆسـاڵی ٢٠٢٣

| ناوی پیشەی | ڕووبەری گشتیی بە(م٢) | بەرکەوتەی خوێندکار(م٢) | بەراورد بە پێوەر | ڕووبەری بینا بە(م٢) | بەرکەوتەی خوێندکار(م٢) | بەراورد بە پێوەر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پیشەی کۆمپیوتەری کفری | 5660 | 88.4 | ↑ | 2700 | 42.1 | ↑ |
| پیشەی گشت و گوزاری کفری | 2500 | 43 | ↑ | 435 | 7.5 | ↓ |
| پیشەسازی کفری | 12000 | 79 | | ٢٢٥٠ | ٣٥,١ | ↑ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە پاشکۆی ( ١ )

هێمایە بۆ خواروی ستاندارد بە دیوی نەرێنیدا

هاوتا لە گەڵ ستاندارد سەرووی ستاندارد بە دیوی ئەرێنیدا

چـوارەم: شـوێنی خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەییـەکان و پیشـەییەکان بـە گوێـرەی شـەقامی سـەرەکی و شـەقامی لاوەکـی:

هەروەکـو لـە پاشکۆی ( ٢ ) دا هاتـووە بـە پێـی سـتانداردی عێراقـی پێویسـتە خزمەتگوزاریـی فێرکاریـی ئامادەیـی و پیشـەییەکان لـە سـەر شـەقامی سـەرەکی بێـت، چونکـە خوێندکارانـی ئـەم قۆناغـە تەمەنیـان لـە سـەرووی ( ١٥ ) سـاڵییەوە و بـە ئـاگان لـە نێـوان شـەقامە سـەرەکییەکاندا، پشـتێنەی کاریگەریـی ئـەم قۆناغـە فراوانـە و خوێندکارەکانـی لـە دوو سێ گەڕەکـی جیـاوازەوە دێـن بـۆ خوێندنگـە و وا دەخوازێـت سـوود

لە ئۆتۆمبێلی گشتیی و تایبەت وەربگرن، لە خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوە زۆر گرنگی بەم پێوەرە نەدراوە و هەریەك لە خوێندنگە ئامادەییەکانی ( کفری و فیدراڵ و شەهید محمد قۆرقمازی ) لە سەر شەقامی سەرەکین کە ئەکاتە ( ٥٠٪ ) خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوە وئامادەییەکانی تر لە سەر شەقامی لاوەکین. خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە لە ئاستێکی باشدایە و سەرجەمیان دەکەونە سەر شەقامی سەرەکی. بڕوانە خشتەی ( ١٠ ) و ( ١١ )

خشتەی( ١٠ )شوێنی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکانی شاری کفری بە گوێرەی شەقامی سەرەکی و لاوەکی بۆساڵی (٢٠٢٣ )

| خوێندنگە ئامادەییەکان | شوێن بە گوێرەی شەقام |
|---|---|
| کفری تێکەڵ | سەرەکیی |
| ئەحمەدی خانی (ئێوارن) | لاوەکیی |
| ئاراراتی (کچان) | لاوەکیی |
| فیدراڵ | سەرەکیی |
| سۆلاڤ (کچان) | لاوەکیی |
| شەهێد محمد قۆرقمازی (تێکەڵ) | سەرەکیی |

خشتەی ( ١١ ) شوێنی خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەییەکانی شاری کفری بە گوێرەی شەقامی سەرەکی و لاوەکی بۆساڵی(٢٠٢٣ )

| خوێندنگە پیشەییەکان | شوێن بە گوێرەی شەقام |
|---|---|
| پیشەی کۆمپیوتەری کفری | سەرەکی |
| پیشەی گشت و گوزاری کفری | سەرەکی |
| پیشەسازی کفری | سەرەکی |

سەرچاوەی خشتەی ( ١٠ ) و ( ١١ ):

توێژەران.

پاشکۆی ( ٢ ).

## تەوەری پێنجەم: پشتێنەی کاریگەر:

بنەمای دووری یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکان بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاریی بە شێوەیەکی گشتیی و خوێندن بە شێوەیەکی تایبەت، ئامانجی سەرەکی پلاندانان بریتییە لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی بە کەمترین کات و تێچوو، لێرەدا ئاسانکاری گەیشتن بە دووری و کات دەپێورێت و بە ڕەگەزی سەرەکی ڕێکخستنی شوێن دائەنرێت و یارمەتیدەرە بۆ هێنانە کایەوەی هاوسەنگی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی ( عوادة, ٢٠٠٧, ٢٢-٢٣ ). هەروەك لە پاشکۆی ( ٢ ) دا هاتووە پێوەری دووری بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکان و پیشەییەکان ( ٧٠٠ – ١٠٠٠ )م٢ دیاری کراوە، بەڵام ئێمە لەتوێژینەوەدا ( ٨٥٠ )م٢ مان داناوە. فێرکارییە ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوە لە نەخشەی ( ٥ )ەوە بۆمان روون ئەبێتەوە کام لە گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە پێویستی بە خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییە و بێ بەش بووە لەم خزمەتگوزارییە، زۆرینەی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە بۆ ئەم خزمەتگوزارییە پشتێنەی کاریگەر

دەیانگرێتەوە جگە لە گەڕەکەکانی ( لەتیف هەڵمەت، ئەنفالەکان، زیندانی سیاسی ) بە تەواوی ئەم خزمەتگوزارییە نایانگرێتەوە و بەشێکی زۆری رووبەری ئەم گەڕەکانە لە دەرەوەی پشتێنەی کاریگەرن و، هەریەك لە گەڕەکەکانی ( ئەوبەری، رزگاری، هەواری نوێ، فەرمانبەران ) بەشێکی کەم لە رووبەرەکەیان لە دەرەوەی پشتێنەی کاریگەرن و بێ بەشن لەم خزمەتگوزارییە، بە گشتیی پشتێنەی کاریگەریی ناوچەی توێژینەوە بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی لە ئاستێکی باشدایە.

سەبارەت بە خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە لە نەخشەی ( ٦ )ە وە بۆمان روون ئەبێتەوە کام لە گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە بۆ ئەم خزمەتگوزارییە پشتێنەی کاریگەر دەیانگرێتەوە و چی گەڕەکێك بێ بەش بووە لەم خزمەتگوزارییە، هەریەك لە گەڕەکەکانی ( باوەشاسوار، ئیمام محمد کۆن، ئاوارەکان، ئازادی، ئەنفالەکان، رزگاری، مامۆستایان، هەواری نوێ ) بەشێکی رووبەرەکەیان بە تەواوی ئەم خزمەتگوزارییە نایگرێتەوە و، هەریەك لە گەڕەکەکانی ( ئەوبەری، لەتیف هەڵمەت، زیندانی سیاسی ) بە تەواوی لە دەرەوەی پشتێنەی کاریگەرن و بێ بەشن لەم خزمەتگوزارییە، هۆکاری کەمی ئەو گەڕەکانەی بە تەواوی پشتێنەی کاریگەر دەیانگرێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تەنها ( ٣ ) خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەیی لە ناوچەی توێژینەوەدا هەیە و نزیکی خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەییەکان لە یەکترەوە.

نەخشەی ( ٥ ): پشتێنەی کاریگەر بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکانی شاری کفری لە ساڵی ( ٢٠٢٣ ) دا



نەخشەی ( ٦ ) پشتێنەی کاریگەر بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەییەکانی شاری کفری لە ساڵی ( ٢٠٢٣ ) دا




سەرچاوەی نەخشەی ( ١ ) و ( ٢ ): کاری توێژەران پشت بەستن بە:

١ - بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیەکانی گەرمیان، سەرۆکایەتی شارەوانی کفری، بەشی GIS، بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٣.

٢ - نەخشەی ( ٢ )

٣ - بەکارهێنانی بەرنامەی (Analysis-Proximity-Buffer ١٠,٨ Arc Map GIS)

لە ڕۆشنایی بە کارهێنانی پشتێنەی کاریگەردا دەتوانین پێشنیاری شوێنی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی و پیشەییەکان بکەین لە ناوچەی توێژینەوەدا، چونکە وەکو لە نەخشەی ( ٥ ) و ( ٦ )ە وە دەرئەکەوێت چی گەڕەکێك پێویستی بە ئەم خزمەتگوزارییە هەیە و ئێستا لێی بێبەشە، پێویستە خوێندکارانی ئەو گەڕەکانە ماوەیەکی زۆر ببڕن بۆ ئەوەی سوودمەندبن لەم خزمەتگوزارییە، بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەدا پێشنیاری دوو شوێنمان کردووە بۆ ئەوەی هەموو دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بێبەش نەبن و بە تەواوی ئەم خزمەتگوزارییە بیانگرێتەوە، ئەو دوو شوێنەش ئەکەوێتە گەڕەکی ( لەتیف هەڵمەت، زینداني سیاسی ) و ئەم دوو شوێنەی پێشنیار کراوە بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیە چونکە خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەیی لە سەر ئاستی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە کورتهێنانی نییە و پێویستیی ناوچەی توێژینەوە پڕ ئەکاتەوە تەنها شوێنەکانیان بگۆڕدرێت بۆ ئەوەی هەموو دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بێ بەش نەبن لەم خزمەتگوزارییە. بڕوانە نەخشەی ( ٧ )

نەخشەی ( ٧ ) شوێنی نموونەیی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی پێشنیارکراو بۆ چەند شوێنێکی شاری کفری




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە:

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانیەکانی گەرمیان، سەرۆکایەتی شارەوانی کفری، بەشی GIS، بڵاو نەکراوە، ساڵی ٢٠٢٣.

نەخشەی ( ٢ )

بەکارهێنانی بەرنامەی ( Buffer - ١٠,٨ Arc Map GIS )

## دەرئەنجامەکان:

لەرووی دابەشبوونەوە خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەیی و پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە بە شێوەیەکی ناڕێك دابەش بوونە، گەڕەکی ( ڕاپەڕین ) کە ( ١٠٪ ) دانیشتوانی پێك هێناوە لە کاتێکدا هیچ لەم دوو خزمەتگوزارییەی تێدا نییە، لە کاتێکدا گەڕەکی ( شەهیدان ) کە ئەکەوێتە باشووری خۆرئاوای شارەکەوە و ( ٧٪ ) دانیشتوانی پێکهێناوە ( ١٦,٦٪ ) ئامادەییەکان و ( ٦٦,٦٪ ) پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوەی لە خۆ گرتووە.

لە کۆی ( ١٨ ) گەڕەکی ناوچەی توێژینەوە تەنها ( ٧ ) گەڕەکیان ئەم دوو خزمەتگوزارییەی تێدایە و سەرجەم گەڕەکەکانی تر کە پێکهاتوون لە گەڕەکەکانی (ئەوبەری، باخی رەزا، ئیمام محمدی تازە، ئاوارەکان، لەتیف

هەڵمەت ، ئەنفالەکان، راپەرین، رزگاری، هەواری نوێ، زیندانی سیاسی، فەرمانبەران ) بێبەشن لەم دوو زمەتگوزارییە.

لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە ناوچەی توێژینەوە بۆ ئەم دوو خزمەتگوزارییە بۆ ئەوەی لە ئاستی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدا بێت، خوێندنگە پیشەییەکان لە ئاستی دانیشوانی ناوچەی توێژینەوەدایە، بەڵام خوێندنگە ئامادەییەکان کورتهێنانی هەیەو پێویستی بە ( ٤ ) ئامادەیی تر هەیە.

تەنها دووان لە ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوە تێکەڵە و کوڕان ئەبێت ماوەیەکی زۆر ببڕن تاوەکو دەستیان پێی بگات، چونکە ئامادەییەکانی تر دووانیان کچانن و یەکێکیان تایبەتە بە نەتەوەی تورکمان و ئەوی تریشیان کوڕانی ئێوارانە.

بە گشتیی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکان و پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە لە پێوەرە رووبەرییەکاندا لە ئاستێکی باشدایە و، بەرکەوتەی خوێندکار بۆ پۆل و مامۆستا لە خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکان و پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوەدا لە ئاستێکی زۆر باشدایە و، ئامادەیی (شەهید محمد قۆرقمازی ) رێژەی خوێندکاری ( ١٤ ) خوێندکارە لە تێکڕای ئەنجامی پێوەرەکاندا رۆڵێکی ئەرێنی هەیە بۆ سەر ئامادەییەکانی تر، ئەگەر ئەم خوێندنگە هەژمار نەکرێت ئەنجامی پێوەرەکان گۆڕانکاری بە سەردا دێت.

لە رووی شەقامی سەرەکی و لاوەکییەوە خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکان و پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە تەنها سێ لە ئامادەییەکان نەبێت سەرجەمیان دەکەونە سەر شەقامی سەرەکی.

پشتێنەی کاریگەریی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکان زۆربەی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە، بەڵام لە بەر کەمی ژمارەیان و نزیکی دووانیان لە یەکتری وایکردووە زۆربەی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە پشتێنەی کاریگەریی خزمەتگوزارییە فێرکارییە پیشەییەکان نەیانگرێتەوە.

ڕاسپاردەکان:

پێویستە پلاندانەرانی ناوچەی توێژینەوە ئاراستەکانی فراوان بوونی ناوچەی توێژینەوە و گەشەی دانیشتوانی لە داهاتوودا لە بەرچاو بگرن، بۆ ئەوەی بتوانن شوێنی گونجاو بۆ ئەم خزمەتگوزارییانە دیاریی بکەن، دواتر ئەتوانرێت تەواوی پێویستی ناوچەی توێژینەوە لەم خزمەتگوزارییانە پڕ بکرێتەوە.

لایەنی پەیوەندیدار ساڵانە پێش دەست پێکردنی خوێندن ئاگاداری بارودۆخی ئەم خزمەتگوزارییە بێت و بەراوردیان بکات بە پێوەرەکانی پلاندانان بۆ ئەوەی کێشەکان دیاری بکرێت و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

لایەنە پەیوەندیدارەکان لایەك لەم خزمەتگوزارییە بکەنەوە و دوو ئامادەیی تر بۆ ناوچەی توێژینەوە درووست بکەن و، گرنگی بە تەکنیکی سیستمی زانیاریی جوگرافیایی بدرێت بۆ دابەشکردن و رێکخستنی ئەم خزمەتگوزارییە.

خزمەتگوزاریی فێرکاریی پیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە لەو شوێنانە بن بە ئاسانی خوێندکارانی ناوچەی توێژینەوە دەستیان پێی بگات چونکە هەر یەك لە پیشەییەکان لە بوارێکی جیاوازدان.

ئەو کۆمپانیایانەی پرۆژە تازەکان درووست دەکەن پابەند بکرێن بە درووست کردنی ئەم خزمەتگوزارییانە لەو گەڕەکانەدا، چونکە سەرەڕای ئەوەی دانیشتوانی ئەو پرۆژانە سوودمەند دەبن فشار لە سەر

ئامادەییـەکان و پیشـەییەکانی تـری ناوچـەی توێژینـەوە کـەم ئەکاتـەوە.
ئامادەیـی ( شـەهید محمـد قۆرقـمازی ) لەگـەڵ ئامادەییەکـی تـردا تێکـەڵ بکرێـت و سـوود لـە بیناکـەی وەربگیرێـت.
لە کاتی درووست کردنی ئەم خزمەتگوزارییەدا پێوەرە جیهانی و ناوخۆییەکان پشتگوێ نەخرێن.

## المستخلص:


تعتبر الخدمات التعليمية من أهم الموضوعات التي يوليها كثير من الباحثين في مجال الجغرافيا البشرية اهتماما كبيرا وإجراء البحوث عليها، خاصة من حيث طرق التوزيع الجغرافي، لذلك تحاول الدراسة العمل على التوزيع الجغرافي. من الخدمات التربوية للمراحل التعليمية الأعدادية والتعليم المهني على مستوى أحياء كفري، وكيف يتم توزيع هذه الخدمة بشكل عادل على سكان منطقة البحث مع المعايير الصحيحة لأداء واجباتها بشكل كامل، وتلبية احتياجات جميع سكان مجال البحث على مستوى الحي في الآن والمستقبل, هذه المرحلة التعليمية مهمة جدا في حياة كل طالب لأنها تقع في سن (١٥-١٨) سنة وهو عمر حساس جدا ومهم في حياة كل إنسان, في هذه المرحلة من التعليم ، يتم تحديد بداية المسار المستقبلي للطالب من خلال اختيار الأدبي أو العلمي في الخدمات التعليمية للمدارس الثانوية أو أن اختيار أي من المهني سيؤثر على مستقبل الطالب لذلك يجب ان يهتم بهذه المرحلة من التعليم, ويعتمد البحث على البيانات و معلومات من الإدارة العامة للتعليم في كرميان, وكذلك الاعتماد على أجهزة GPS الاعتماد على نظام المعلومات الجغرافية (GIS) لتحديد موقع هذه الخدمات على الخريطة الأساسية لمنطقة الدراسة, من ناحية أخرى ، قمنا بتقييم القدرة على تقديم هذه الخدمات مقابل المعايير المحددة في التخطيط العراقي، واستخدمت الأساليب الوصفية والتحليلية (الكمية) بناءا على أنظمة المعلومات الجغرافية في تحليل التوزيع المناسب, وأوضحت الدراسة أن توزيع هاتين الخدمتين مبعثر وأن خدمات التعليم الثانوي ليست على مستوى سكان منطقة الدراسة ولكن خدمات التعليم المهني على مستوى سكان منطقة الدراسة, الخدمات منتشرة على نطاق واسع وخدمات التعليم الثانوي غير متوفرة لسكان منطقة الدراسة ، ولكن خدمات التعليم المهني متاحة لسكان منطقة الدراسة.



**الكلمات الافتتاحية: خدمات التعليم الأعدادي ، خدمات التعليم المهني ، مدينة كفري ، التوزيع الجغرافي ، نظم المعلومات الجغرافية.**


## Abstract:


Educational services are one of the most important topics that many researchers in the field of human geography pay great attention to and conduct research on, especially in terms of geographical distribution and distribution methods, so in Therefore, the study attempts to work on the geographical distribution of educational services for educational stages High school and vocational education at the neighborhood level of Kifri, and how this service is fairly distributed to the residents of the research area with the right criteria to fully perform its duties, and meet the needs of all residents of the research area at the neighborhood level In the future, this stage of

education is very important in the life of every student because it falls at the age of (١٨-١٥) years, which is a very sensitive and important age in every human life high school educational services or its choice Each profession will affect the future of students, so great attention should be paid to this stage of education. The research relies on data and information from the Germyan General Directorate of Education, as well as relying on GPS devices Relying on Geographic Information System (GIS) to determine The location of these services on the basic map of the study area, on the other hand, we have assessed the ability to provide these services compared to the criteria established in Iraqi planning, descriptive and analytical methods ( quantity) is used based on geographic information systems in appropriate analysis The distribution, the study showed that the distribution of these two services is dispersed and secondary education services are not at the level of the population of the study area, but vocational education services are not at the level of the population of the study area it's a generation.

**Keywords: High School Education Services, Vocational Education Services, Kifri City, Geographical Distribution, GIS Geographic Information System.**

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

١ - کتێب:
دەفتەر، محمد هادی،حەسەن، عەبوڵڵا، عێراقی باکوور لیوای کەرکوك و دیالە ساڵی ١٩٥٥، و: موعتەسەم محەمەد، چاپخانەی ژیار، سلێمانی، ٢٠٠٢.
سلێمانی، هادی، نارێنی، ئەحمەد تەها، دەروازەیەك بۆ فێربوونی سیستەمی زانیاریی جوگرافیایی (GIS)، دەزگاو چاپ و پەخشی نارێن، چاپی یەکەم، ٢٠١٧.
نەریمان، مستەفا، شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ ١٩٢٠، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژ، کەرکوك، ٢٠٠٧.
٢ - گۆڤار:
دەلۆ، د. حسێن ئیسماعیل خان، مێژووی گەشەکردنی خوێندن و رۆشنبیری لە ناوچەی کفری، گۆڤاری شیکار، ساڵی چوارەم، ژمارە١٦، ٢٠١٦.
کریم, محمد مهدی, فوأد, ئامانج, هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکان لە شاری کەلار، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ٥(٢٠١٩).
٣ - نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:
حاجی محمد، نامدار محمد علی، دابەشبوونی جوگرافیایی خزمەتگوزاریی فێرکاریی لە شاری کەلار، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی گەرمیان کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەشی جوگرافیا، ٢٠٢٢.
٤ - ئەتڵەس:

هاشم، یاسین وئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تێنووس، هەولێر، ٢٠٠٩.
٥ - بەڕێوەبەرایەتییەکان:
حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانیەکانی گەرمیان، سەرۆکایەتی شارەوانی کفری، بەشی GIS، نەخشەی ینەڕەتی شاری کفری، بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٣.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە ساڵی ٢٠٢٣.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوەی ٢٠٢٣.

## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:

١ - الكتب:
الهيتی، مازن عبدالرحمن، جغرافية الخدمات (اسس والمفاهيم), طبعة الأولى، مطبعة المجتمع العربى للنشر والتوزيع، عمان ، ٢٠١٣.
بن غضبان، فوأد، جغرافية الخدمات، طبعة الأولى ، دار اليازوري العلميه للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٣.
داود, جمعة محمد، اسس التحليل المكاني في اطار نظم المعلومات الجغرافية GIS، ط١, مكة المكرمة, المملكة العربية السعودية, ٢٠١٢.
سماك, د.حمد ازهر، العزاوي, د.علي عباس، بحث الجغرافي بين المنهجية التخصصية والأساليب الكمية والتقنية المعلوماتية المعاصرة, طبعة الأولى, دار اليازوري العلميه للنشر والتوزيع, عمان, ٢٠١١.
محمد, د. خليل اسماعيل، انماط الاستيطان الريفي في العراق, ط١, مطبعة الحوادث, بغداد, ١٩٨٢.
٢ - المجلات:
أبو عمرة, صالح محمد، صالحة, رائد احمد، تخطيط الخدمات التعليمية ( المدارس ) للتحقيق التنمية الحضرية في المدينة ديرالبلح استخدام نظم المعلومات الجغرافية, مجلة البحوث الجغرافية, عدد٢٣, فلسطين, ٢٠١٣.
الحياني,د. بلال باردين عي وآخرون، تحليل كفاءة التوزيع المكاني للخدمات التعليمية ف المدينة الرطبة باستخدام نظم المعلومات الجغرافية Gis, جامعة الانبار, كلية التربية للعلوم الانسانية, قسم الجغرافية, المجلد الرابع العشر, العدد٣٥, سنة الثالثة عشرة, ايار ٢٠١٨.
شريف, معن محيي محمد، الوظيفة التعليمية لمدينة البغدادي, مجلة جامعة الأنبار للعلوم الأنسانية, العدد الثاني, حزيران ٢٠١٣.
٣ - رسالة الماجستير واطروحة الدكتورا:
العيداني, عباس عبدالحسن, تباين التوزيع المكاني للخدمات المجتمعية في مدينة البصرة, أطروحة دكتوراه غير منشورة, جامعة البصرة, ٢٠٠٢.
صالح, عمر احمد زكي, تقييم التوزيع المكاني لخدمات التعليم العام بأستخدام نظم المعلومات الجغرافية

والأستشعار عن بعد على محلية البحري, أطروحة الدكتوراه ( غير منشورة ), كلية دراسات العليا, جامعة شندي, قسم الجغرافية, سودان, ٢٠١٨.

عوادة, غرود غالب صبحي, مقاييس سهولة الوصول الى الخدمات عامة في المدن الفلسطينية: حالة دراسية مدينة نابلس, رسالة ماجستير, جامعة النجاح الوطنية, نابلس, ٢٠٠٧.

سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

Ashes Sarkar, Analysis of Human Settlement Patters Using RS and GIS in the Plains of the West Bangla, E Traverse, the On-line Indian Journal of Spatial Science, of Geographical Institute, Vol ١ .٢٠١٠ ,١.No

J. Chapman McGrew, J. R& Charles B. Monroe. An Introduction to statistical problem Solving in .٢٠٠٩ ,geography, Second edition, Waveland press

پاشکۆکان:

پاشکۆی ( ١ ) زانیاریی خوێندنگە ئامادەیی و پیشەییەکانی شاری کفری بۆ ساڵی ( ٢٠٢٢ – ٢٠٢٣ )

| ژ | ناوی خوێندنگە | گەڕەک | ڕەگەز | خاوەن بینا/ میوان | س .دامەزراندن | ڕووبەری گشتی (م٢) | ڕووبەری بینا(م٢) | ژ . پۆل | ژ . پۆل | | | | ژ.خوێندکار | | | ژ . مامۆستا | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | کوڕ | کچ | تێکەڵ | کۆ | کوڕ | کچ | کۆ | کوڕ | کچ | کۆ |
| 1 | ئا .کفری | نەورۆز | تتکەڵ | خاوەن بینا | 5435 | 9180 | 2250 | 18 | 18 | 0 | 0 | 18 | 223 | 86 | 309 | 14 | 15 | 29 |
| 2 | ئارارات | شۆڕش | کچان | خاوەن بینا | 2008 | 6000 | 730 | 12 | 0 | 6 | 0 | 6 | 0 | 90 | 90 | 5 | 10 | 15 |
| 3 | سۆلافی کچان | ئیمام محمد(کۆن) | کچان | خاوەن بینا | 2012 | 6400 | 2867 | 13 | 0 | 13 | 0 | 13 | 0 | 378 | 378 | 10 | 23 | 33 |
| 4 | فیدراڵ | شەهیدان | تێکەڵ | خاوەن بینا | 2005 | 14000 | 2700 | 24 | 0 | 0 | 22 | 22 | 241 | 226 | 467 | 23 | 7 | 30 |
| 5 | ئەحمەدی خانی | باوە شاسوار | کوڕان | خاوەن بینا | 2001 | 4278 | 852 | 5 | 3 | 0 | 0 | 5 | 52 | 0 | 52 | 8 | 0 | 8 |
| 6 | شەید محمد قۆرقمازی | باخی ڕەزا | تێکەڵ | میوان | 1995 | 4400 | 620 | 9 | 0 | 0 | 3 | 3 | 9 | 5 | 14 | 4 | 3 | 7 |
| 7 | پیشەسازی کفری | مامۆستا یان | تێکەڵ | خاوەن بینا | 1964 | 12000 | 2250 | 15 | 0 | 0 | 0 | 15 | 57 | 7 | 64 | 5 | 1 | 6 |
| 8 | پ .گشت وگوزار | شەهیدان | تێکەڵ | میوان | 2012 | 2500 | 435 | 6 | 0 | 0 | 0 | 6 | 44 | 14 | 58 | 4 | 5 | 9 |
| 9 | پ.کۆمپیوتەری کفری | شەهیدان | تێکەڵ | میوان | 2014 | 5660 | 2700 | 24 | 0 | 0 | 0 | 24 | 107 | 45 | 152 | 12 | 7 | 19 |
| 10 | کۆ | | | | | | | 126 | 21 | 19 | 25 | 112 | 733 | 847 | 1580 | 86 | 71 | 156 |

سەرچاوە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە ساڵی ٢٠٢٣.

حکومەتی هەرێمی کوردستان،بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانیەکانی گەرمیان، سەرۆکایەتی شارەوانی کفری، بەشی GIS.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣.

٤- کاری مەیدانی توێژەران.

پاشکۆی ( ٢ ): پێوەرە دانپیانراوە عێراقیەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ژمارەی خزمەتگوزاریی فێرکاریی ئامادەییەکان و پیشەییەکان

| پێوەرەکان | ئامادەییەکان | پیشەییەکان |
|---|---|---|
| **ژمارەی دانیشتوان** | ٥٠٠٠ کەس | ٢٠٠٠٠ |
| **خوێندکار خوێندنگە** | ٤٠٨ | ٥٣١ |
| **پۆل خوێندنگە** | ١٢ پۆل | ١٨ – ٣٠ |
| **ژمارەی خوێندکار لە پۆلدا** | ٢٥ – ٣٠ خوێندکار | ٣٤ خوێندکار |
| **پشکی خوێندکار بۆ مامۆستا** | ١٧ خوێنکار | ٢٠ خوێندکار |
| **ڕووبەری گشتیی خوێندنگە** | ٩٠٠٠ م٢ | ٩٠٠٠ م٢ |
| **ڕووبەری گشتیی بۆ خوێندکار** | ٢١ – ٢٦ م٢ | ٢١ – ٢٦ م٢ |
| **ڕووبەری بینا بۆ خوێندکار** | ٨ – ١٢ م٢ | ٨ – ١٢ م٢ |
| **جۆری شەقام** | سەرەکی | سەرەکی |
| **دووری** | ٧٠٠ - ١٠٠٠ م٢ | ٧٠٠ – ١٠٠٠ م٢ |

سەرچاوە :

نامدار محمد علی حاجی محمد، دابەشبوونی جوگرافیایی خزمەتگوزاریی فێرکاریی لە شاری کەلار، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی گەرمیان کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەشی جوگرافیایا، ٢٠٢٢، لاپەڕە ١٥٢.

د. بلال باردين عي الحياني, د. خالد اكبر عبدالله الحمداني, م.د. طه احمد عبد, تحليل كفاءة التوزيع المكاني للخدمات التعليمية ف المدينة الرطبة باستخدام نظم المعلومات الجغرافية Gis , جامعة الانبار, كلية التربية للعلوم الانسانية, قسم الجغرافية, المجلد الرابع العشر, العدد٣٥, سنة الثالثة عشرة, ايار ٢٠١٨, ص ٢٩٤.

فواد بن غضبان، جغرافية الخدمات، طبعة الأولى ، دار اليازوري العلميه للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٣، ص١٨٤.

مازن عبدالرحمن الهيتى ، جغرافية الخدمات (اسس والمفاهيم), طبعة الأولى، مطبعة المجتمع العربى للنشر والتوزيع، عمان ، ٢٠١٣.

معن محيي محمد شريف, الوظيفة التعليمية لمدينة البغدادي, مجلة الجامعة الانبار للعلوم الانسانية, العدد الثاني, حزيران ٢٠١٣.